ماکرۆن: فەرەنسا لەگەڵ لوبنان کاردەکات بۆ دیارکردنی سنور ئاوەدانکردنەوە مەشق و ڕاهێنان به سوپا

ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆکی فەرەنسا لە میانی سەردانەکەی بۆ لوبنان ڕایگەیاند، لوبنان لەسەر ڕێگا ڕاستەکەیە و حکومەتی نوێ دەستیبەکارکردوە بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی یارمەتی لوبنان بدەن لە ئاوەدانکردنەوەدا، دەشڵێت، "فەرەنسا لەگەڵ لوبنان کاردەکات بۆ دیارکردنی سنور، ئاوەدانکردنەوە، مەشق و ڕاهێنان به سوپا".

ئیمانوێل ماکرۆن، ئەمڕۆ هەینی لە میانی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانید لەگەڵ جۆزێف عەون سەرۆکی نوێی لوبنان لە کۆشکی سەرۆکایەتی لە بەیروت ڕایگەیاند، لوبنان لەسەر ڕێگای ڕاستەکەیە لەگەڵ جۆزێف عەونی سەرۆک کۆمار، ئەو دەستی بەکارکردوە بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی یارمەتی لوبنان بدەن لە ئاوەدانکردنەوەی وڵاتدا.

ئاماژەی بەوەشکرد، فەرەنسا لەگەڵ لوبنان کاردەکات بۆ دیارکردنی سنور لە هێڵی شین، هاوکات کاردەکەن بۆ ئاوەدانکردنەوەی لوبنان، مەشق و ڕاهێنان به سوپای ئەو وڵاتە دەکەن و سەرەتا بۆ 500 سەرباز دەسپێدەکەن.

سەرۆکی فەرەنسا باسی لەوەشکرد، سەردانەکەی بۆ ئامانجی پتەوکردنی پەیوەندییە دوقۆڵییەکانی نێوان

هەردوو وڵاتە، هەروەها جەختکردنەوە لەسەر پشتیوانی بەردەوامی وڵاتەکەی بە لوبنان لە بوارەکانی سەروەری خاکی ئەو وڵاتە، سەقامگیری و چاکسازییە ئابورییەکان.

لایخۆیەوە جۆزێف عەون سەرۆك کۆماری لوبنان ڕایگەیاند، دوای هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیران، خەڵکی لوبنان متمانەیان بە دەوڵەتەکەیان بۆ گەڕاوەتەوە، هەروەها هەوڵدەدەن متمانەی جیهانیش بە لوبنان بگەڕێننەوە.